# ئەدەبی ژنان
# ئەدەبی جیاوازی و هەژاری ڕەگەزی ژن گوتاری فێمینیستی دیار و نادیار

سمکۆ محەمەد

سەدەی بیستەم، لە ئەوروپا سەدەی هەڵاتنی ڕۆژی ژنانی ئەدیب بوو، لەوانەش (ڤێرجینیا وۆڵف و کاترین مەنسفێلد و ڕێبیکا وێلد و ئانا ئەخماتۆفا و دواتریش شیمبۆرسکا) کە زۆرترین گەنگەشە لەبارەی دەقەکانیانەوە کراوە، لەنێو عەرەبیشدا کەسانی وەک (نەوال سەعداوی و غادە سەمان و لەیلا ئەلعەلی و نازک ئەلمەلائیکە و ئاسیا جەبار و ئێستاش ئەحلام مستەغانمی) و... تاد، لەنێو فارسیشدا ناودارترین ژنە ئەدیب کە لەلای کورد ناسراوە (فرووغی فروخزاد) و چەندان ژنی تر دەرکەوتوون کە ناکرێ هەموویان بە نموونە بهێنینەوە.

ئەم دەرکەوتنەی ژنانی ئەدیب، بەدەر لەوەی کە ناکرێ جیاوازی لەنێوان ئەو دوو ڕەگەزە واتە ژن و پیاو بکرێ، بەڵام مەبەستەکە زیاتر بۆ دەرکەوتنی گوتاری ژن لە دنیای نووسین و ئەدەبدا بوو، چونکە دۆخی ماددی و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری ژنان لەنێو ماڵدا بوو، یان بەشێکی زۆری کاتی ژیانیان بۆ پەروەردە و بەڕێوەبردنی ماڵ لەنێو چێشتخانەدا بوو، یان ئەوەی تەنیا بۆ دابینکردنی حەزەکانی پیاو تەماشا دەکرا، چونکە تەواوی کایەکان بە ئەدەبیشەوە لەژێر دەسەڵاتی گوتاری ئەخلاقیانەی پیاودا بوو، ئیدی هەم وەک شۆڕشێک دژی عەقڵیەتی کۆنەپەرستی و هەم بۆ دەرکەوتنی توانایی ژنان.

ئێمە ژنگەلێکمان هەیە کە دەرکەوتوون و دەنووسن و خۆیان نمایش دەکەن، بەڵام ئەمانە نوێنەری ئەو ژنانە نین کە بریتین لە سروشتی ژیانی ئەو ژنانەی کە هەمیشە لەژێر دەسەڵاتی باوکسالاریدان و سەرکوت دەکرێن، بۆیە ژنان ئەو ڕقەیان هەیە کە هەندێک جار بەناڕاستەوخۆ وەک فێمێنیست خۆیان نمایش دەکەن، بەڵام لەو گوتارە پەشیمانن و ناوێرن بەیانی بکەن، لەم بارەیەوە ئادۆرنۆ

بەشێک لەو ڕەخنانەی کە لەبارەی پێشکەوتن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی هەیەتی ئەم جیاوازییەی بەیان کردووە و هۆکارەکانیشی لە سروشتی مرۆڤدا دەستنیشان کردووە کە چۆن لەژێر کۆنترۆڵی سیستمی بۆرژوازیدا دەردەکەوێ.

"دەکرێ چارەنووسی ژنان لە ژیاری مۆدێرندا باشترین نموونە بێت بۆ داماڵینی مرۆڤ لەخەسڵەتە ئینسانییەکان، بەبۆچوونی ئادۆرنۆ ئەمە مەرجی سێیەمی پێشکەوتنە پاش دوو مەرجە پێشوەختەکەی کە بریتین لە ڕەتکردنەوەی جیاوازی چۆنایەتی و هەوڵدان بۆ سەپاندنی دەسەڵات بەسەر سروشتدا، ژنان هەڵگری کۆمەڵێک هێمای ئەوتۆن لەلایەن سروشتەوە سەپێنراون و ناکرێ بسڕێنەوە، ئێستا ژن بەرچاوترین هێمایە بۆ هەردەم مەحاڵی سەربەخۆبوونی مرۆڤ لە سروشت، ئیدی ژن ڕقێکی بێ سنووری ئەوتۆ بەسەرخۆیدا دەهێنێت کە قووڵی ئەو ڕقە زیاتر لە توندوتیژی سادیدا، نەک لەخۆدەرخستنی خێرخوازییانەی باوکسالاری بۆرژوازی دەردەکەوێت، بۆیە مل پێ کەچکردنی ژنان سیمبۆلی چارەنووسی مرۆڤی مۆدێرنە لە کۆمەڵگەیەکدا کە ڕق بەماددەکردن حوکمی دەکەن، ژن ڕێگەی نادرێت چۆن پیاوان لەتاک ویستی خۆیان دابڕاون، بگاتە تاک ویستی خۆی تەنیا نموونەیەکی توخمەکەی خۆیەتی، بە گۆشەگیری، یان دابڕان لە یەکتری ناسنامە بە یەکتری دەبەخشن، هەروەک چۆن لەگەڵ گەلانی ڕاستەقینەی کۆلۆنیاکراودا جوولەکەکان و ئارییەکان ژنان بێ دیفاع کراون".. تیری ئیگلتۆن، شیکردنەوەی دەروونی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، و. سەلاح حەسەن پاڵەوان. ل،١١٦ کتیبۆک لە بلاوکراوەکانی دەزگای سەردەم. لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ژنان دەرکەوتن، سەرەتای دەرکەوتنەکەش وەک شێوە لاساییەکی پیاوان شکڵی وەرگرتووە، بەڵام دواتر ئەم دەرکەوتنە بوو بە ئەمری واقیع و جۆرێکی دیکەی کێبەرکێی مەعریفی، ئیدی ئەدەب واقیعێکی دیکەی وەرگرت کە دواجار گوتاری فێمێنیستی لە ڕۆژئاواوە هات و کردی بە یەکێک لەئاراستە فیکرییەکان، هەر لەم سۆنگەیەشەوە یەکێک لەو ڕەخنانەی کە لە (جۆلیا کریستۆڤەر و هێلێن سیسکۆ) دەگیرا، ئەوەبوو کە ڕەخنەکانیان لە تێڕوانین و هەڵوێستی دژواز و ئاژاوەگێری بوو، هەروەها لەژێر کاریگەری گوتاری پیاوانەوە سەرچاوەی گرتبوو، چونکە خەیاڵێکی دیکەی بەرجەستە نەکرد کە دژە گوتاری پیاوانە بێت، بەو پێیەی کە خاوەن خەیاڵێکی فێمێنیستی بوون، " دەتوانین لە کارەکانی (جۆلیا کریستیڤای فێنمێنیست خاڵێکی بەیەکگەیشتنی دیکەی نێوان تیوره سیاسی و شیکردنەوە دەروونییەکان بەدی بکەین، جۆلیا بەتەواوی بۆچوونەکانی لەژێر کاریگەری لاکانە، بۆ کەسێک لایەنگری یەکسانی ئافرەتان بێت، گرفتێکە گەر بکەوێتە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی لاکانەوە، ئەو سیستمە سیمبۆلیانەی کە لاکان گفتوگۆیان لەسەر دەکات، هەمان باوک سالاری و هەمان ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییەیە کە تایبەتە بەکۆمەڵگەی چینی نوێ کە بەدەوری مەدلوولی باڵای کۆئەندامی نێرینەدا شێوەی گرتووە، لەژێر چەپۆکی یاسایەکە کە باوک بەرجەستە دەکات، بەڵام هیچ ڕێگایەک نییە بۆ کەسێک کە بڕوای بە یەکسانی ژنان هەبێ و بەرگری لەم قوتابخانەیە بکات، بەبێ ڕەخنە پێشوازی سیستمە سیمبۆلییەکان لەسەر حسابی خەیاڵ بکات، بەپێچەوانەوە ئامانجی ڕەخنەگرانێک کە بڕوایان بە یەکسانی ئافرەت هەیە، بریتییە لە تاووتوکردنی سەرکوتکردنی پێوەندییە سێکسییەکانی ئەم جۆرە ڕژێمە، لەم ڕووەوە کریستیڤا دژایەتی سیمبۆلێک دەکات نەک بە ڕادەی دژایەتی خەیاڵ". ڕاجێر وێستێر. توێژینەوەی تیوری ئەدەبی.. وەرگێڕانی بۆ کوردی، عەبدولخالق یەعقوبی، ل٧٨

وەک پێشتر لەیەکێک بابەتەکاندا قسەمان لەوە کرد کە زۆربەی چەمکە ئەدەبییەکان، وەک مۆدێل هاتنە نێو دنیای ئەدەبی کوردییەوە، ئاوهاش چەمکی فێمێنیزم هاتە نێو ئەدەبیاتێک کە ژنان کاریان پێ دەکرد، گوایە بەرپەرچدانەوەیەکی گوتاری پیاوانەیە، بەڵام ئەمە نەک هەر لە ڕووی فیکری و ئەدەبییەوە کە دەبوو لە دەقەکانیاندا ڕەنگ بداتەوە، بەڵکو جۆرە لادانێکیش بوو لە ڕێسای نووسین و بەرهەمی ئەدەبی، هۆکاری نەگەیاندنەکەشی ئەوەبوو کە هەم عورف و نەریتی کۆمەڵگا ڕێگربوو، هەم خودی ئەدیبە ژنەکان نەیانتوانی کەڵک لەو ڕەهایەتییە وەربگرن کە (سیمۆن دی بۆڤوار) دەیگوت "ژن دەبێ خۆی پێناسە بۆ خۆی بکات، نەک پێناسەکە لە ڕێگەی پیاوەوە بێت"، ئەم نێرمانایییە تەنیا لەنێو دەستەیەک لە ژنانی ئەدیب بە کرچوکاڵی جێگەی گرت، ئەگەرنا نەک هەر لەنێو ئەدەبیات، بەڵکو ئەو فیکرەی فێمێنیستی لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتبوو، هیچ مێینەیەکی بۆ هۆشیار نەکرایەوە و جێکەوتەی نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێ شێوە بەرگرییەک بوو لەژیانی ژن لەژێر سایەی عورفە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان و هیچی دیکە.

شان بەشانی کارکردنی بەشێک لەو ژنانەی لەنێو ئەدەبدا دەرکەوتن، جۆرە پاشکۆیەتییەکی ئەدەبی پیاوان نەریتە، نەک بەو مانایەی کە خۆیان وەک ڕەگەزێک جیابکەنەوە، بەڵکو وەک ئەوەی بیسەلمێنن ژنانیش دەتوانن بەشداری ئەو کایەیە بکەن، بەڵام هەر وەک چۆن لەنێو سیاسەتدا ژنان تەنیا بۆ جۆرێک هاوکاری پیاوان و هەندێک جاریش بەناچاری تێوەگلان، ئاوهاش بەشێکی زۆر لە ئەدیبانی ژن تێوەگلان بە ئەدەبەوە و تەنیا خۆدەرخستن بووە، باشترین سەلمێنەریش ئەوەیە کە ژنێکمان نییە لە دنیای ئەدەبی کوردیدا خاوەنی ستایلێکی تایبەت بەخۆی بێت و ناسراوبێت.

## ئەدەبیات بۆ ژن

دنیای ژنان و گەیاندنی گوتاری کەسێتی خۆیان، بەدرێژایی مێژوو تا سەردەمی ڕێنیسانس و ئاڵوگۆڕی سیستمەکان لە پیاوسالارییەوە تا زەقکردنەوەی کێشەی ژن، گوتار بەشێک بووە لەو قەیرانەی کە جۆرێک تێنەگەیشتنی دروست کردووە هەم لەنێو ژنان خۆیاندا کە دەرنەکەوتوونە، هەم پیاوانیش لەو هەوڵە تێنەگەیشتوون، یۆجێر ئۆڵف لەم بارەیەوە دەڵێ" یەکێک لە هۆکارەکانی گەیاندنی گوتارە دەگمەنەکانی ژنان بەرانبەر بەو سروشتەی کە بە زۆر بەسەریاندا سەپاوە، گەیاندنی گوتار لە ڕێگەی ئەدەبەوە ڕێگەیەک بووە قسەی خۆیانی تێدا بکەن، بۆ ئەوەی چیتر وێنەی ڕاستەقینەی ژن لەلایەن پیاوانەوە دروست نەکرێت". ئاشنابوون بە جاک لاکان، وەرگێڕانی کۆمەڵێک نووسەر، پرۆژەی ١٠٠ نامیلکەی فەلسەفی، دەزگای ئایدیا بۆ فیکر و لێکۆڵینەوە، ساڵی ٢٠١٥، ل٣٧.

ئەم تێڕوانینە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە بە دوو تێڕوانین دەقی ئەدەبی بۆ پیاو مانایەکی هەیە و بۆ ژنانیش مانایەکی دیکە.

**تێڕوانینی یەکەم:** ژن وەک کەرەستەی خاوی جوانکاری نێو دەق دادەنرا و تا ڕادەیەکیش بیرکردنەوە و تێگەیشتنێکی جێکەوتە بووە، بۆ نموونە جەستەی ژن و سیما و فەزا سیحراوییەکەی کەرەستەیەک بوون بۆ ئەوەی پیاوان بتوانن دەقی پێ دەوڵەمەند بکەن، وەک ئەوەی کە ژن نوێنەری هەستی پیاو و دامرکاندنەوەی حەز و ئارەزووەکانی پیاو بن و ژن ئەو مافەی لەلای پیاو نەبێ و غەریزە و ئارەزووەکانی کەمتر بن لەپیاو، "ئەم تێڕوانینە زۆر لە تێڕوانینەکەی ژاک لاکانەوە نزیکە کە زمان لەلای ئەو بریتییە لە سیمبۆلی نێرسالاری و لە کۆئەندامی نێرینەشەوە ئەو سیمبۆل گوتارە سەرچاوەی گرتووە، بەپێی قسەی جۆرج لۆکاش جێگەی دایک جێگایەکی ژنانەیە لە جێگای پرسی واقیعییە، لەکاتێکدا باوک نوێنەری پرسی هێمایی بەهاییە و منداڵیش دەبێتە پرسی خەیاڵی، یان ئەو خەیاڵدانەی کە لەنێوان هێما و دەسەڵات و پرسی واقیعیدا پەیدا دەبێت". هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٤٦

بەڵام بە بڕوای بەشێک لەو نووسەرە ژنانەی کە هەڵگری بیروڕای فێمێنیستین، گوتاری زاڵی باوک لەو سیستمەوە سەرچاوەی گرتووە کە تەنیا نرخی بۆ ڕەگەزی نێرینە داناوە، یان زیاتر بەهای بۆ نێرینە و پیاوان داناوە، بەڵام لاکان ئەمە بە هەڵە تێگەیشتن لە قەڵەم دەدات و پێی وایە هیچ چوارچێوەیەک بۆ جیاکردنەوەی ڕەگەزەکان لۆژیکی نییە، چونکە هیچ ژنێک بێ خود نییە و خودی پیاوێکیش بەبێ ژن خودێکی تەواو نییە، کەوابوو هەر جیاوازییەک لە نێوان ڕەگەزی نێرینە و مێینە، بەتایبەتی لە ئەدەبیات و لەنێو زماندا، نە دەتوانێ هێما بەرهەمبهێنێت و نە دەتوانێ پرسێکی تەواو واقیعی بەرهەم بهێنێ.

**تێڕوانینی دووەم:** نووسینی دەق کە دیارە پاشخانێکی مێژوویی هەیە، یەکێکە لەکاری پیاو، بۆیە دەبێ ژن ئەم کارە نەگرێتە دەست و نەبێت بەیەکێک لەو کارەکتەرە چالاکانەی کە پشکی لەدەوڵەمەندکردنی زمان و ئەدەب و گوتارە جیاوازەکان هەبێ و ببێتە هێمایەک بۆ نێرینە، لەم بارەیەوە کەسێکی وەک (ئۆرێل موی) دوو جۆر نەریتی دەستنیشان کردووە، یەکێکیان ئەمریکی و ئینگلیزی بوو، ئەوی تریان فەڕەنسایی، ئەوەی یەکەم بۆ ئەوە بوو کە ژن بتوانێ ململانێ لەگەڵ جۆرەکانی دەسەڵاتی پیاوان بکات، نەریتی دووەم دەروونشیکارانەی ژن بوو، ئەو حاشا لە دەقی پیاوان ناکات، بەڵکو کۆمەڵێک ژێدەری هزری جۆراوجۆری هەیە و بەپێچەوانەی هەندێ فێمێنیستی ئینگلیزی و ئەمریکی کە هەڵوێستی ناوەندی ڕەچاو دەکەن، لەوانەش (ژولیا کریستۆڤەر و هێلین سیسکۆ).

"ئێمە لێرەدا سەروکارمان لەگەڵ ئاراستەی دووەمی ژنێتی هەیە و بۆ دەست بەسەرداگرتنی ناسینی هۆیەکانی هەقیقەت، پیاو دەبێ ژن بێ، دیۆنیزمی نیتشە هەم ژنە و هەم پیاوە، بوونەوەرێکی دوو ڕەگەزەیە کە بەر لە پەیدابوونی بەرانبەرێتی دوانی ژن و پیاو هەبووە". بابەک ئەحمەدی. پێکهاتە و ڕاڤەی دەق. وەرگێڕانی بابەک ئەحمەدی، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری

و ئەدەبی نما، کتێبی سێیەم، ساڵی ٢٠٠٥، ل٩٧ لەلای نیتشە کە لەتێزی هەقیقەت و درۆدا هاتووە، هەقیقەت خودی ژنە و ژنیش دەبێ لەلایەن پیاوەوە سزا بدرێت، هەروەک ئەوەی دەڵێ کە چوویت بۆلای ژن، قامچییەکەت لەبیر نەچێ، بەڵام لێرەدا ئەوەی باسەکەی ئێمە لەگەڵ ئەو تێڕوانینە فیکرییە فرە ڕەهەندە جودا دەکاتەوە لەوەی ژن تەنیا وەک کائینێکی بێ بەرهەمی ئەدەبی و نووسین تەماشا بکەین، لەوێدایە کە ئێمە باسی ئەوە دەکەین ژن وەک نووسەر، یان ئەدیب، بۆیە لەجێی وشەی ژن دانەر، یان ئەدیب بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز تەماشا دەکەین، لەبەر ئەوەی مەسەلەی ژن و نووسین کە لە کۆمەڵگەی داخراودا دوو مەسەلەی جودان، یەکەم بە هۆکاری ئەوەیە ژن تەنیا بۆ دنیای خۆی شت دەنووسێ و پیاو بۆ دنیایەکی تر کە ژنیشی تێدا بەشدارە و دەبێ ئاگای لێ بێت، بەو پێیەی کە هیچ نەبێ مەسەلەی زمان لە ئەدەبدا، بەندە بە زمانی دایکەوە، بەڵام دواجاریش هێندە گوتارە کۆمەڵایەتییەکە بەسەر هەمووواندا زاڵە بە جیاوازی فیکریشەوە، ژن نەیتوانیوە وەک ئەوەی کۆمەڵگە و ئیشکالیاتەکانی کۆمەڵگە گەرەکیەتی بنووسێت، باشترین نموونەش ئەوەیە کە دەقی ئەدەبی ژنانی کورد کە لەژێر کاریگەری ژنانی عەرەبی و فارسییە و ئەوانیش بەهۆی ئەوەی هەمان کێشەیان لەگەڵ پیاو هەیە، هەمان دەقی ئەدەبی بەرهەم دەهێنن، بۆیە هەندێک بە ئەدەبی ژنان ناویان بردووە.

ئێمە لەکاتێکدا ئەم موناقەشەیە، یان باشترە بڵێم داکۆکی لەدابەشکردنی ئەدەبیاتی پیاو و ژنان دەکەین، ئەو کاتەیە کە ئەدەب و نووسین کاری تاکە کەسییە و هیچ پێوەندی بە گرووپبەندی و ڕەگەزییەوە نییە، بەو مانایەی کە هیچ کۆمەڵگەیەک نییە ژن و پیاوەکانی دژی یەکتر بن، ئەمیان ئەوی تر ڕەت بکاتەوە، دەردەسەری و نەهامەتی هەریەکەیان خەتای ئەوی تریان بیت، بەڵام ئەوە عەقڵیەتی دواکەوتوویی، یان توندڕەوییە ئەم جۆرە دابەشکردنە دەکاتە باو، ژنانیش یان ئەوەتا بەرگری لەخۆیان دەکەن، یان ئەوەتا وەک عادەت و نەریت کە لە ژنی ئاساییدا هەیە، تەنیا دەقەکانیان بە زمانی ژنانەوە دەڕازێننەوە، نەک ئەوەی کردبێتیان بە گوتارێکی ڕاستەوخۆ و وەک نووسەرە ژنەکانی ڕۆژئاوا و عەرەب و فارس دەربکەون. لە دنیای عەرەبی و فارسیشدا کە ئێمەی کورد ئاشنایەتی زیاترمان بە ئەدەبیاتی ئەوان هەیە زیاتر لەبیانی مەبەست لە فەڕەنسایی و ئینگلیزی و... تاد، دەتوانین فرووغی فروخزاد و لەیلا عوسمان وەربگرین کە هەردووکیان سوژەکانیان لەنێو دەقدا بە مەسەلەی جەستەی ژن و سێکس وەک ترسناکترین حاڵەتی بوونی ژن لە کۆمەڵگەدا گرێ داوە، کە کۆمەڵگەی فارسی و عەرەبی لە یەکتر دەچن و لە ڕووی خەسڵەتەوە نزیکن، دواجار چونکە کێشەی ژن لە کێشەی کۆمەڵگە جیانەکرایەوە، بەڵام فۆرمی جیاوازی وەرگرت، هێشتا گوتاری پشت دەقەکان ئاشکرا نەکرا، کە بۆچی و لە پێناوی چیدا مەسەلەی ژن بەپیاوەوە گرێ دراوە، لەحاڵێکدا ژن بۆخۆی بەشێکە لەو فەزا کۆمەڵایەتییەی کە لەوپەڕی کراوەوە بۆ ئەوپەڕی داخراو، ڕەنگە لە هەندێ شوێندا مەسەلەی ژن پێچەوانە بکەوێتەوە، بەڵام ئەمە لەدەقی ئەدەبیدا تەواو وەزیفەی وەرنەگرتووە، تەنیا وەک بەزەییەک دەرهەق بەحاڵی ژنان کە دواجار زیانی گەورە بە کەسێتی و شوناسی ژن گەیاندووە بەبێ ئەوەی ژنان خۆیان بەم نهێنییە فەلسەفییە بزانن.

## گرێی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانی کوردیدا

ڕەنگە لەئاستی ڕۆژئاوادا ئەمە لە ڕابوردوودا بە بەراورد لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی و تاکگەراییدا گۆڕابێت، بۆ نموونە ڕۆمانی (من و ئەوی تر) ی (ئەلبێرتۆ مۆراڤیا) کە تەواو سوژەی ڕۆمانەکەی دەربارەی مەسەلەی سێکس و کێشەی ئەندامی نێرینە بۆ پیاو و ئەندامی مێینەیە بۆ ژن، مەسەلەیەکی دەروونی خوڵقاندووە لەکاتی خۆیدا شۆڕش بووە، هەروەک ئەوەی شێرزاد حەسەن لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئەو فەزایەی دروست کردووە و ئەو شوناسەی بۆ خۆی داگیر کردووە.

تا ئێرە قسەمان لەسەر ئەو ژنانە بوو کە لەسەدەی ڕابوردوو ژنانی ئەدیبی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی پێیدا گوزەریان کرد، ئەوان توانییان خۆیان لەو ڕەخنە لۆژیکیە ڕزگار بکەن کە لێیان دەگیرا، هەرچی ژنانی ئەدیبی کوردە کە تا سەدەی ڕابوردووش لەو مەعزەلەیەدا گینگڵی دەدا، هەر بۆیە لەبەر نەبوونی پێوەری لۆژیکی و زاڵبوونی دنیابینی ڕۆمانسیانە، ئاسمانی ئەدەبی کوردی، پڕبوو لە ئەدیبی ژن و کران بە ئەستێرە، ئەمە جگە لەوەی کە چەندان ناوی وەک (ئەحلام مەنسوور و دایکی سۆلاف و شیرین ک و ئەرخەوان) و... تاد، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا هەبوون و جۆرێک لە یاخیگەرێتیان کردە باو، ئەمە شاهیدی ناهەقی نییە ئەگەر بە پێوەری لۆژیکی ئەم سەردەمە مامەڵەیان لەتەکدا نەکەین، بەڵکو وەک خۆیان و وەک هەلومەرجی ڕابوردوو تەماشایان بکەین، بەتایبەتی لە چیرۆکدا، هەروەها لە

هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوودا کەسانی وەک (نەجیبە ئەحمەد و چۆمان هەردی و کەژاڵ ئەحمەد و کەژاڵ ئیبراهیم و چنوور و چنار نامیق و ڕۆژ هەڵەبجەیی و نیگار نادر و شەرمین نەقشبەندی و ئاوێزان نووری و... تاد) دەرکەوتن، بەڵام ئەوانیش هەم دەقەکانیان مەبەستگەرایی بوون، هەم کێبەرکێکەیان لەتەک پیاواندا درێژخایەن نەبوو کە بەو ڕێژەیەی پیاوان لەبەرچاون، بەتایبەتی کە کێبەرکێکە لەسەر ئیستێتیکا نەبوو، بۆیە ژنان پەراوێز خران، هەم خوێنەر، یان ڕەخنەگرێکی ڕاستگۆ نەبووە، یان کە هەبووە موجامەلەی کردوون، نەیانتوانی بەشێک لەو قەیرانە ئەدەبییە ڕزگار بکەن کە ژنان تێیدا بەشێک بوون، من بەش بەحاڵی خۆم هەستم بە گوتارێکی ژنانە لەو دەقانەدا نەکردووە، هەستم بە فەزایەکی جیاواز نەکردووە کە زمانی ژنانەی پێوە دیاربێت، هەستم بەوە نەکردووە کە بەر لەوەی خۆیان وەک ئەدیبی ژن بناسن، یان ئەوەتا ئەو چەمکە ڕەت بکەنەوە کە پۆلێن کردنی نێر و مێیە، لە پشت ئەو دەقانەوە "ئەنتۆلۆژیا" خودناسی نابینم، تەنیا ئەوە نەبێت کە دەرکەوتنیان وەک سەلماندنی خود بووە و تا ئێستاش بەهەمان ئاراستە دەقەکانیان نمایش دەکەن، ئەگەر هەڵە تێگەیشتن نەبێ دەقە شیعرییەکانی (قوبادی جەلیزادە) کە کاریگەری نەزار قەبانییان پێوە دیارە، زۆر لە دەقی ژنە شاعیرەکان کراوەتر بووە، ئەمە وێڕای تێبینی ئەوەی کە جەلیزادە مەبەستی لە ئازادکردنی جەستەی ژن نییە، بەڵکو ئارەزووی سێکسییە بۆ ئینسان کە ڕەنگدانەوەیەکی ناڕاستەوخۆی لە خەیاڵی پیاودا هەیە، بۆیە هەندێ لە ژنانی ئەدیبیش هەمان ستایلیان دووبارە کردەوە و بەجەستەی پیاودا هەڵیاندا و هەمان گوتاری پیاوانەیان دووبارە کردەوە.

ئیمبرتۆ ئیکۆ کە خاوەنی ڕۆمانی ناوداری (ناوی گوڵ)ە، پێی وایە ڕۆمان مەعریفەیە، بەڵام مەعریفەیەکە بەشێوەیەک هیچوپووچ، چ لەسەر زمانی کەسەکان دانانرێ، چونکە ڕۆمان دیوێکی دیکەی تایبەتە بە پێوەندییە مرۆڤایەتییەکان و شتی تایبەت بە دارشتنەوە و جۆری وێناکردنیان، ڕۆمان بەرجەستەکراوێک و فەزای زەمانی و مانایە، بەو مانایەی زمانێک کە بە ڕووتی ناخرێتە سەر لێوی هەموو بونەوەرێکەوە، هەڵبەت جگە لەوەش ڕۆمان پێناسەیەکی دیکەی هەیە، ئەویش لە ڕۆمانی مەزندا دەبینرێت و هەستی پێ دەکرێت، ئەوەیە کە دانەرەکەی دەزانێ کەی خێرا دەبێت و کەی دەوستێت و چۆن ڕیتمێکی ڕەسەن و چەسپیو دەخەملێنێ، ئەمە تەکنیکێکە لە ڕۆمانی فرە پاڵەواندا زیاتر کاری پێ دەکرێت.

لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوودا، خەریک بوو ئەدەب بەسەر نێر و مێدا پۆلێن دەکرا، هیچ کام لەو شاعیر و چیرۆکنووسانەی کە لەسەرەوە ناوم بردن، کەم تا زۆر وەڵامی ئەو پۆلێن کردنەیان نەدایەوە، لەوەش بترازێ کەمترین هەوڵی تێدا نەبینرا بۆ تێکشکاندنی دەق لە قەید و بەندی شیعریەتی نوێخوازی، جگە لەو حاڵەتە ڕۆمانسییانەی کە وەک بڵێی لە ئەدەبیاتی نوێی جیهانی بێ ئاگابن.

حاڵەتێکی دیکە کە دواتر لەنێو ژناندا بوو بە مۆدێل، بەکارهێنانی موفرەدەی ڕووت و بەیان کردنی خەیاڵێک بوو کە پێوەندی بە جەستەوە هەیە و هیچی دیکە، نموونەشیان (کەژاڵ ئەحمەد و نیگار نادر) بوو. ئەم دیاردەیە بەحاڵێک تەشەنەی کردە نێو کچان و ژنانەوە، ئەگەر کچێک بەو ستایلە نەینووسیبا، بە شیعری نوێخوازی و خاوەن جورئەت لە قەڵەم نەدەدرا، سەرباری هەموو ئەمانەش هەمیشە ژنان و کچانی ئەدیب، خۆیان هەوڵی خوێندنەوەی دەقەکانی خۆیان نەدەدا، ئیدی هۆکارەکەی ئەوەبوو کە ڕەخنەگر نەبوون، یان ئەوەی ئیرەییان لە بەرانبەر یەکتر هەبوو، بۆیە لە چاوەڕوانی پیاوەکاندا بوون دەقەکانیان بخوێننەوە، هەڵبەت باشترین دەقیش کە پیاوان هەڵیاندەبژارد بۆ پێشبڕکێی شیعری، یان بۆ خوێندنەوە، ئەو شیعرانە بوون کە ژنە ئەدیبەکان بۆ جەستەی خۆیان نووسیبوویان، سەرەنجام لەبری پێشبڕکێی ئەدەبی، ئیرەیی بردن بوو بە مۆدێل و هیچی تری بەرنەهێنا، بۆیە لە ئەدەبی پیاوان جیاکرانەوە و بەهەژارترین ئەدەب ناسرا.

ئەم حاڵەتەی کە لەنێو ژنانی ئەدیبدا بوونیان هەبوو، بەهەمان شێوەش لەنێو ژنانی ڕۆژنامەنووسیشدا هەبوو، بۆ نموونە زۆر بەدەگمەن ژنێکی ڕۆژنامەنووس و نووسەر، توانیویەتی خۆی بەکایەکانی تری وەک کۆمەڵناسی و سیاسی و ئابووری و تاد سەرقاڵ بکات، نەبوونی ئەم گوتارە سەربەخۆییەی ژنان، کارێکی وەهای کرد کە ژنان لە پەراوێزی پیاواندا ژیانی ئەدەب و سیاسەت و ڕۆژنامەنووسی بەڕێوەببەن، تا ئەو کاتەی کە چەند ژنێک لەنێو ڕۆژنامەنووسیدا دەردەکەون، ئەمە جگە لەو ململانێ نابابەتییانەی کە لەنێوان ژنان خۆیاندا هەبووە، جگە لە ئیرەیی بردن، هیچ پێشبڕکێیەکی داهێنانی لەخۆ نەگرتبوو.